

# ئایا ئەنجوومەنی خانمان دەتوانێت داکۆکی لە مافی ئافرەتان بکات؟

**لەگەڵ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە، بەڵام پرسیاردەکرێت کە ئایا دەستەبەرکردنی مافی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، وەزارەت یان ناوەندێکی حکوومی وەك (ئەنجومەنی باڵای خانمان)ی پێویستە؟ بەشدار بووانی ئەم راپۆرتە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

**پرسی ئافرەت و ئەنجوومەنی باڵای خانمان**

ئەنجومەنی باڵای خانمان، دامەزراوەیەکی فەرمیی حکوومییە کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی ئەو ئەنجومەنە دەکات، هەروەها پەخشان زەنگەنە ئەمینداری گشتی ئەو ئەنجوومەنەیە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا دەستەبەرکردنی مافی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان وەزارەت یان ناوەندێکی حکوومی وەك (ئەنجومەنی باڵای خانمان)ی پێویستە، پەخشان زەنگەنە دەڵێت «لەهەرێمی کوردستان ڕاستە



**پەخشان زەنگەنە:**

## ولاتە پێشکەوتووەکان دامەزراوەی جۆراوجۆریان لەسەر ئاستی باڵا و حکوومی بۆ پرسی ئافرەت دامەزراندووە

ڕێکخراوی ئافرەتانی پەیوەندیدار بەمەسەلەی ژنان زۆرن، بەڵام دەزگایەکی کارای حکوومی نەبووە کە تایبەتمەند بێت بە ژنان و لە هەموو بوارەکانی دەستەبەرکردنی مافەکانی ژناندا چالاك بێت، بەڕێوەبەرایەتیی بەداواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانیش تەنیا تایبەتە بە توندوتیژی، بەڵام مەسەلەی ئافرەت زۆر لە پرسی توندوتیژی فراوانترەو زۆر پرسی دیکەش دەگرێتەوە کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیش کاری بۆ دەکرێت».


ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان نموونە بەوە دەهێنێتەوە کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دامەزراوەی جۆراوجۆریان لەسەر ئاستی باڵا و حکوومی بۆ پرسی ئافرەت دامەزراندووە کە بەرپرسن لەبواری چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەتان و هەوڵی دەستەبەرکردنی هەموو مافەکانیان دەدەن».

**ئەنجومەنی باڵای خانمان ودامەزراوەیەکی جێبەجێکار**

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئاسوودە خانم رەحیم، رایوایە بوونی دامەزراوەیەکی تایبەت بەژنان خۆی لەخۆیدا گرنگییەکی زۆری هەیە، بەتایبەت «لەم کاتەدا کە کێشەو گرفتەکانی رەگەزی مێینە سنووریان بەزاندووە و کوشتن و توندوتیژی دژیان لەحاڵەتەوە بۆتە دیاردە. بۆیە ئەو دەزگایە ئەرکێکی گرنگی هەیە ئەگەر بتوانێت بەپێی پێداویستیی بزووتنەوەی ژنان ئەرکەکانی جێبەجێی بکات، بەڵام ئەوەمان لەیادنەچێت بوونی ئەنجومەنی خانمان بەم شێوەیەی ئێستا کە زیاتر بەشێوەیەکی تەوافوقی پۆستەکان لەنێوان لایەنەکاندا دابەش کراوە، بووەتە ئەنجومەنێکی شکلی، ئەم رەخنەیەش مەبەست لە ئەندامەکانی نییە، بە قەد ئەوەندەی مەبەست لە ستراکچەرەکەیەتی». هاوکات گوتی «ئەم ئەنجومەنە ئێستا خەریکی داڕشتنی یاسایەکی تایبەتمەندە بە خۆی ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ خۆسازدانەوەی لە فۆرمێکی نوێدا، چونکە ئەنجومەنی باڵای خانمان سەرەتا وەك دامەزراوەیەکی ڕاوێژکاری دەرکەوت، بەڵام هەندێکجار ئەم ئەنجومەنە وەك دامەزراوەیەکی جێەجێکاریش کار دەکات، بۆیە گرنگە ئەم ئەنجومەنە بەرنامەی خۆی بەشێوەیەکی گرنگ یەکلابکاتەوە».

**ڕێکخستنی کارەکان بەیاسا**

ڕۆژنامەنووس عەدنان حاجی کاکە دیبەگەیی، رای پێچەوانەی هەیەو دەزگایەکی لەو شێوەیە لەچوارچێوەی کاری حکومەتدا بەپێویست نازانێت، چونکە «لەو بوارەدا ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و خانمان و خوشکان وکچان زۆرن، هەروەها زۆربوونی ڕێکخراوەکان مەرج نییە، گرنگتر لە هەموو شتێك یاسایەکە کە مافی ئافرەتان بپارێزێت، هەروەها خۆتان دەزانن لەوڵاتانی دیموکراتی و پێشکەوتوودا تەنها شتێك کە کارەکان ڕێکدەخات، یاسایە، ئیتر ئەوە لە بواری مافەکان بێت، یان بواری باری شارستانی و هاوسەرگیری و مافەشەرعییەکانی دیکەی وەکو میرات و یاسای هاوسەرگیری و



**رازاو عەبدول:**

## ئەنجومەنی باڵای خانمان نەبۆتە دەزگایەک بۆ دۆزینەوەی ڕێگە لە بە کیانکردنی ئافرەتی کورد

بەیەکەوە ژیان، یان مافەکانی خوێندن و گەشتکردن و هەروەها مافە سیاسی و ڕێکخراوەییەکان لە بواری کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن و بەکارهێنانی هۆیەکانی گەیاندن و گواستنەوە و کاری دیکەی حکومەت وەکو ئەندامی باڵای حزبەکان و پەرلەمان و کارکردن لە شوێنە گشتی و تایبەتییەکان و...تاد، هەر هەموویان یاسا ڕێکیدەخات.




گوتیشی «بوونی ئەنجومەنی باڵای خانمان تا ئێستا بواری ئەرێنی کەمترە لە نەرێنی، چونکە دەمێکە ئەم ئەنجومەنە هەیە و چ هەنگاوێکی نەهاویشتووە لە پێناو پەرەپێدانی واری خانمانن، زۆرجار توندوتیژی و زوڵم و زۆر بەرامبەر بە خانمان دەکرێت، ئەوان تەنیا لەنێو بارەگاکەیان دانیشتوون و جاربەجاریش کاریان هۆشیاری دانە بە هاووڵاتی نوخبە و ڕۆشنبیر کە پێویستیان بەوە نییە، پێویستە ئەو هۆشیارییە بۆ سەرجەم تاکی کۆمەڵگە بێت».

### یاساکان و دەزگای جێبەجێکار کێشەکانی ژن چارەسەر ناکەن

پارێزەر و یاساناس رازاو عەبدول، ئەنجومەنی باڵای خانمان بە «ئەنجومەنێکی تەشریفی» دەزانێت و دەڵێت:

«هێندەی ئەم ئەنجومەنە هەوڵێکە بۆ پێگەیاندنی ژنان بە مەبەستی گەیشتن بە پلەو پۆستی سیاسی و وەزاری و پەرلەمانی هێندە نەبۆتە کاراکتەرێکی چالاك بە مەبەستی لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ کێشەکانی خانمانی کورد. من دەپرسم: تا چەند خزمەتی بە کۆی خانمانی کورد کردووە لە گوندو قەزاو ناحیەو شارەکانی کوردستان و داخڵی وردەکاری کێشەکانی ژنانی کورد بوون؟ تا چەند توانیویانە کارئاسانی بۆ دایکان بکەن لە نێو خێزاندا تا چیدی بە هۆی ئەرکەکانی ناو خێزانیانەوە لە پێگەیاندنی خۆیان بێبەش نەبن ؟

رازاو عەبدول ڕایوایە «ئەنجومەنی باڵای خانمان نەبۆتە دەزگایەك بۆ دیراسە کردن و لێکۆڵینەوە و هەوڵدان بۆ دۆزینەوە ڕێگەی دروست بۆ بە کیانکردنی ئافرەتی کورد لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و تاد». گوتیشی «لە سەرەتای ساڵی نەوەتەکانەوە لە کوردستان هەر رۆژەو دامەزراوەیەك دروست دەبێت و بودجەی بۆ تەرخان دەکرێت، بە بیانووی پاراستنی مافی خانمان، هەمووشمان دەبینین ڕۆژ بە ڕۆژ ماف و ئازادییەکانی ژنان زیاتر پێشێل دەکرێت.

من لێرەوە لەو ئەنجومەنە دەپرسم تاکو ئێستا چەند جار نوێنەریان ناردۆتە ناو دادگاکانی باری کەسێتی بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگایان لە پێشێلکردنی مافی ژنان بێت، یاسا سواو و تۆز



## عەدنان حاجی کاکە:

# یاسایەک مافی ئافرەتان بپارێزێت لەزۆربوونی ڕێکخراوەکان گرنگترە

لێنیشتوو کێشەکان چارەسەر ناکات».

### ئەنجوومەنی خانمان و تێکەڵیی زیاتر لەگەڵ ئافرەتاندا

شەرمین کەریم، وەك نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی بواری ژنان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «بێگومان بوونی هەر دەزگایەك لە ئان و ساتی خۆیدا ڕەنگە کاردانەوەی تایبەتیی خۆی هەبێت، جا ئەو کاردانەوەیە ڕەنگە پۆزەتیف بێت یا نێگەتیف، ئەوە جگە لە قسەو باسی خەڵکی تا ڕادەیەکیش دەزگا و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان بڕیاری لەسەر دەدەن کە پێویستە یا پێویست نییە ».

شەرمین ئەوەشی خستەڕوو کە ڕێکخراوەکانی تایبەت بەکاروباری ژنان لە کوردستان دەمێکە بوونیان هەیەو کار بۆ مەسەلەکانی ژنان دەکەن، گوتیشی «لە کابینەی پێنجەم بڕیاری دامەزراندنی وەزارەتێکی هەرێم درا بۆ کاروباری ژنان و لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە وەزیرێکی ژنی بۆ دەستنیشان کرا، بە گەرموگوڕییەکی پتەویش کاری تێدا دەکرا، بەڵام بەداخەوە بەڕێمان کردو دواتریش ئەو وەزارەتە لە بری ئەوەی ئەکتیفتر بکرێت و ببێت بە وەزارەتێکی فیعلی، بەداخەوە هەڵوەشێنرایەوەو هیچی جێی خۆی نەگرت، تەنیا هەندێ بڕگەو یاسا نەبێت کە ئەوسا گەیەنرایە دەست لێژنەی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان و کارمەندانیشی پەرت و بڵاوەیان پێ کرا». دامەزرانی ئەنجومەنی باڵای خانمانی بە گرنگ زانی و گوتی «ئەوانیش لەئێستادا جێی پێی خۆیان کردووەتەوە، چونکە لایەنی جێبەجێکارن و سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانن، کۆنتاکی باشیان لەگەڵ هەموو دامودەزگاکان هەیە و خاوەنی کارو بەرنامەی خۆیانن». هیوای سەرکەوتنیشی بۆ ئەنجومەنی باڵای خانمان خواست و گوتی «دەخوازم بتوانن زاڵ بن بەسەر ئاریشەو گرفت و بەربەستەکانی بەردەم سەرجەم ژنانی وڵاتەکەم و پێویستە خانم ئاسا کۆڵان و ماڵی شار و گوند بەسەر بکەنەوەو هیواداریشم لە کابینەی حەوتدا بتوانن بەتەواوی بوونی خۆیان بسەلمێنن و ئەنجومەنەکەیان لەسەرتاسەری کوردستان فراوانتربکەن».

# هاوسەرگیری لە قۆناخی خوێندندا چ کاریگەریەکی لەسەر خوێندن هەیە؟

■■■

**بۆ چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری، پێویستە هەردوو ڕەگەز بەتەواوی خۆیان ئامادەو ساز کردبێت، بۆ ئەوەی بتوانن ژیانێکی بەختەوریان هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار ژیانی هاوسەری لەکاتێکدا پێکدەهێندرێت بە کاتی نەگونجاو دادەنرێت، وەك بچووکیی تەمەن و هاوسەرگیری لەماوەی خوێندندا.**

■■■

### هاوسەرگیری ڕێگە لە خوێندن ناگرێت

«لەوانەیە هاوسەرگیری لەکاتی پرۆسەی خوێندندا کێشەی خۆی هەبێت، بەڵام شووکردن و ژنهێنانیش شتێکی حەتمیە و هەر دەبێت بکرێت، هەرکەسێکیش بەرژەوەندیی خۆی دەزانێت، بۆ نموونە من خۆم لەکاتی خوێندندا چوومە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، هەرگیزیش هەست بە پەشیمانی ناکەم چونکە بارودۆخی من وایدەخواست کە زوو شوو بکەم» ئەمە پێشەکی قسەکانی سینار عەزیزی تەمەن ٢١ساڵ بوو، هەر وەك خۆی باسیکرد هەر زوو دایكو باوکی کۆچی دواییان کردووەو ئەویش وەك خوشکێکی گەورە سەرپەرشتی کردنی دوو برا و خوشکێکی بچووکی لە ئەستۆ بووە، بۆیە کاتێك لە قۆناغی چوارەمی ئامادەیی بووە، شووی بە کوڕێکی باش و خانەدان کردووە. سینار زیاتر گوتی :بڕیاری شووکردنم زیاتر بۆ ئەوە بوو کە بتوانم خوشكو براکانم گەورە بکەم، ئەوەبوو ئیتر وازیشم لەخوێندن نەهێناو مێردیشم کرد، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ هەست بە پەشیمانی ناکەم، چونکە ئەرکێکم جێبەجێکردووە کە بەرامبەر بە خوشك و براکانم و هاوسەر و منداڵیشم ئەرکی سەرشانم بووە، بۆیە دەتوانم بڵێم لەو پرۆسەیەدا سەرکەوتنم هەبووە، نەك شکست».

شنۆ نووری یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە لە ماوەی پرۆسەی خوێندندا هاوسەرگیری کردووە، وەك خۆی باسیکرد، ماوەی چوار ساڵە شووی کردووەو بەهۆی ئەوەی گۆڕانکاری بەهێز لەنێو ژیانیدا ڕوویداوە، ناچار بووە لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی شوو بکات، ئەو بەمجۆرە باسی هۆکاری ئەو ناچاربوونەی دەکات:لەئامادەیی بووم، پەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵ کوڕێکدا بەست، ئیتر پەیوەندییەکەمان بەردەوام بوو، دوای ماوەیەك لەو پەیوەندییەی نێوانمان هاوسەرگیریمان کرد، بەڵام هیچ پەشیمان نیم، چونکە توانیم درێژە بە خوێندنی خۆم بدەم و زانکۆشم تەواو کرد».

تانیا جەمال کە یەکێکە لەو کچانەی بەهۆی شووکردنەوە وازی لەخوێندن هێناوە دەڵێت «لەتەمەنی هەژدە ساڵی کە لە قۆناغی تەواوکردنی ئامادەیی بووم، شووم کرد، ئیتر بەهۆی زەحمەتی ژیان لەدوای شووکردنمەوە، وازم لە خوێندن هێنا، بەڵام ئێستاش لەدەرفەتێك دەگەڕێم بۆ گەڕانەوە بۆ خوێندن و بەنیازم هەرچۆنێك بێت دەست بە خوێندن بکەمەوە».



### ڕۆڵی خێزان لەسەرخستنی پرۆسەی هاوسەرگیریدا

سەیران کەریم باس لە ڕۆلی خێزان دەکات کە تاچەند دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە سەرخستنی پرۆسەی هاوسەرگیریدا ببینێت و دەڵێت : من زۆر سوپاسی هەر دوو خێزانی خۆم و هاوسەرەکەم دەکەم، بەڕاستی ڕۆڵیان بەرز دەنرخێنم، چونکە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی لەماوەی خوێندندا زۆر زەحمەتە، جگە لە ئەرکی خوێندن، ئەرکی ماڵ و منداڵیشی دێتەسەر، بەڵام بەهاوکاری کەسوکاری هەردوولامان کە قوتابی بووین، توانیمان خوێندن تەواو بکەین و هیچ کێشەیەکمان بە درێژایی ئەو ماوەیە نەبوو.

تریفە مەحمودی تەمەن ٣٢ ساڵیش هەمان ڕای هەیە و پێیوایە پاڵپشتی خێزان ڕۆڵی گرنگی لەو بوارەدا هەیە و خۆیشی بە نموونە هێناوە و گوتی : من لەقۆناغی سێیەمی زانکۆ شووم بە کوڕێك کرد کە لەهەمان زانکۆ بوو، ئەویش دوای ئەوەی ماوەی سێ ساڵ بوو پەیوەندیی خۆشەویستیمان هەبوو، بۆیە نەدەکرا پرۆسەکە دوابخەین، شووکردنی منیش نەبووە هۆی لەدەستدانی خوێندنەکەم، چونکە من و هاوسەرەکەم و خێزانی هەردوو لامان ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی دەبێ زانکۆ تەواو بکەین.

هێمن عەزیز ئاماژە بەوەدەکات باش بوونی لایەنی ئابووری ناتوانێت بەتەنیا هۆکاری سەرکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری بێت، بە بڕوای هێمن ئەمڕۆ گەرچی لایەنی ئابووریی خەڵك لە کوردستان زۆر باش بووە، بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نییە لەکاتی خوێندن هاوسەرگیری بکات.

هاوار نەجیب، ئەو یەکێکە لەو کوڕانەی کە قوتابی کۆلێژ بووەو دوو ساڵ لەمەوبەر ژنی هێناوە دەڵێت: ژنهێنان ڕاستە گرفتی خۆی هەیە، بەڵام دەکرێت بەسەریدا زاڵ بیت، من بۆ خۆم هیچ کێشەیەکی ئابووریم نییە، هەرچەندە قوتابی کۆلێژم، بەڵام لەهەمانکاتدا فەرمانبەریشم، ئەمە بێجگە لەوەی کاروکاسبیش دەکەم، بەڕای من هەر کەسێك نیازی ژنهێنانی هەبێت، ئەوا زوو ژن بهێنێت باشترە، چونکە لانیکەم لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دوور دەکەوێتەوە».

هەروەها زۆرجار ئاماژە بە ئەوە دەکرێت کە خوێندن و هاوسەرداری و سەرپەرشتی ماڵ و منداڵ لەیەك کاتدا زەحمەتە، ئازاد کەریم، ئێستا لە زانکۆ دەخوێنێت و لەهەمانکاتدا هاوسەرگیری کردووە دەڵێت : ئەوانەی کە لە قۆناغی خوێندندان و هاوسەرگیری دەکەن، زۆربەیان لەلایەن خێزانەکانیانەوە پشتیوانی دەکرێن، چونکە خۆیان هیچ داهاتێکیان نییە.

بەڵام شاناز عەزیز توێژەرێکی دەروونییەو ئاماژە بەوەدەکات هاوسەرگیری لەناو قۆناغی زانکۆ و هەرزەکاریدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی زۆربەی هەرە زۆری گرفتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان .

کەژاڵ نامیق توێژەری دەروونییەو ئەویش سەبارەت بە هەمان پرس هێما بۆ ئەوە دەکات کە زانایانی دەروونی گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە هاوسەرگیری دەبێتە هۆی ئارامبوونەوەی مێشکی مرۆڤ و بەبڕوای زۆریان هاوسەرگیری دەزگای بەرگریی مرۆڤ دەورووژێنێتو بەرگریی بەرانبەر بە نەخۆشی زیاد دەکات».

چیرۆکە هەواڵ

# پێوەندی ناپاکی خێزانی
# کۆتایی بە ژیانی بێستون و سیما هێنا

**هۆشیاری بۆ تاك گرنگە**

لاوازی هەستی هۆشیاری لای بەشێك لەتاکەکانی کۆمەڵگە رەنگە زۆر جار کۆمەڵگەش بەرەو چارەنووسێکی نادیار ببات، چونکە لەرووداوێکی ئاساییدا ئەگەر وریاو شارەزا نەبیت لەمامەڵەکردندا شیمانەی ئەوە دەکرێ رووداوی گەورە بەدوای خۆی بهێنێ، بەڵام ئەگەر رووداوێکی گەورەش سەری هەڵدا لایەنە پەیوەندارەکان توانیان بە وریایەوە مامەڵەی لەگەڵ دا بکەن ئەگەری ئەوە دێتە ئاراوە کە چارەسەرێکی گونجاو بدۆزرێتەوەو ئەوکاتیش هەم رووداوەکە تەشەنە نەکات و کۆمەڵگەش بەرەو گرفتی گەورە هەنگاو نەهاوێژێ لەبەر ئەوەی رەنگە تەنیا رووداوێك ئاسەوارێکی خراپ بۆ ماوەیەکی زۆر بەسەر کۆمەڵگەش جێبهێڵێ.

**دەبێ بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەر رووداوێك بکەین**

خۆ لادانی هەر دوو رەگەزی نێر و مێ لەبەستنی پەیوەندی نا شەرعی و نا یاسایی یاخود خۆ دوور گرتن لەپەیوەندییەك کە دروست نەبێت زۆر گرنگە، بەڵام چی دەکەی کاتێك زەمەن دووچاری داوی خۆشەویستی یان هەر پەیوەندییەکی ناشەرعی و یاساییت دەکات، ئەگەر ئەمە روویداو ئاشکراش بوو ئەوکات دەبێ هەم خۆمان و هەمیش کەس و کارەکەمان بەوریایەوە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکە بکەین بەجۆرێك هیچ کەسێك نەبێتە قوربانی دەستی هەڵەی قەدەر.

**عاشق بوونێکی سەخت**

بێستون کوڕە گەنجێکی نیشتەجێی یەکێك لەگەڕەکەکانی شاری هەولێرە، ئەو کوڕە گەنجە رۆژانە ژیانی ئاسایی خۆی بەڕێ دەکات، بەڵام رۆژێك لەرۆژەکانی ئەم زەمەنە دەبێتە سەرەتای بەخشینی چارەنووسێکی نادیار کە لەدوا جاردا ژیانی خۆی و ئافرەتێك کۆتایی پێدەهێنێ، ئەو کوڕە گەنجە کە تەمەنی لەسەرووی ٢٥ ساڵیەوە دەبێ دوای گەڕانەوە لەکار لەیەکێ لەکۆڵانەکانی گەڕەکەکەیان بۆ یەکەمجار چاوی بەچاوەکانی سیما دەکەوێ، سیماش کچێکی تەمەن لەسەرووی ٢٠ ساڵیەوە دەبێ و ماوەیەکی کەمە شووی کردووەو باڵا مام ناوەندیی و سپی پێستێکی جوان دەبێ، سەیرکردنی چاوەکانی یەکتر لەنێوان سیماو بێستون دەبێتە سەرەتای سەرهەڵدانی پەیوەندییەکی خۆشەویستی و سۆزداری و عاشق بوونێکی سەختی نێوانیان، وەك بەشێك لەکەس وکاریان ئاماژەی پێدەدەن ئەو پەیوەندییە سۆزدارییەی نێوانیان بەشێوەیەك بووە رەنگە هەر یەکێك لەئێمەمانان تەنیا بەخۆشەویستیەکی بێ هاوتای بچووێنین، هیچ رۆژێك نەدەبوو لەدوای گەڕانەوەی کار بێستون بە بەردەم ماڵی ئەویندارەکەی نەچێ، هەموو رۆژێ یەکتر بینینیشیان بەشێوەیەکی زۆر گەیشتە ئاستی ئەوەی جگە لەدراوسێ بەڵکو کەس و کاری سیماو مێردەکەشی بەرووداوەکە بزانن.

**پەیوەندییەکی سۆزداری نا تەندروست**

پاش پێزانینی وردەکاری ئەو پەیوەندییەی نێوان سیماو بێستون کێشەو گرفت لەنێوان هاوسەرو برایەکانی بێستون و برایەکانی سیماش لەگەڵ بێستون دەستی پێکرد، پاش چەندین جار کێشەو گرفت ئەو دوو سۆزدارە ئامادە نەدەبوون دەستبەرداری ئەو پەیوەندییە سۆزدارییەیان بن کە پەیوەندییەکی نادروست و نا تەندروست بوو، پەیوەندییەك سەرجەمی لەسەر ناپاکی خێزانی و خۆشەویستی راستەقینە هاتبۆوە ئاراوە بۆیە قەدەر چارەنووسێکی ڕەشی پێدان، دوای تەشەنەکردنی کێشەکان و ئاگەداربوونی کەس و کاری سیماو بێستون و هاوسەرەکەی سیماش هەوڵێکی زۆر درا بەوەی هەر چۆنێك بێ ئەو دوو کەسە واز لەیەکتر بهێنن بەڵام کاتێکیش نە سیماو نە بێستونیش ئامادە نەبوون دەستبەرداری یەکتر بن.

**سیما کوژرا**

دەستبەردار نەبوونی سیماو بێستوون لەیەکتر و گوێ نەدانیش بەکەسوکاریان، بێدەنگی هاوسەری سیماو کەسوکارەکەی ناچار کرد رێگەی تر بگرنەبەر جا ئەگەر ئەو رێگەیە هەڵەش بێت، بۆیە پاش ماوەیەك گفتوگۆکردن و چاودێری کردنی سیما ئەو هەر لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ بێستوون بەردەوام بوو، تا کار گەیشتە ئەوەی رۆژێك سیما لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە لەماڵەکەی خۆیدا کوژرا و کۆتایی بەژیانی هێندرا.

**بێستونیش بەهەمان چارەنووس گەیشت**

کەسوکاری بێستوون بە پەلە پەل هەواڵی کوژرانی سیما دەگەیننە بێستون و لەگەڵ گەیشتنی هەواڵی کوژرانی سیماش ئەوکات بێستون ئاخێکی توند کە پڕاو پڕ دەبێ لەپرسیار و بەخۆداچوونەوە هەڵدەکێشێ، بەڵام چ ساتێك ئاهێك هەڵدەکێشێ ئەوکاتەی تازە کار لەکار ترازا، لەهەمووی تراژیدیا تریش ئەوە بوو کە کوژرانی سیما گوایە بێستون ئەنجامیداوە، ئالێرەوە بێستون کەوتەخۆ بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە تا چارەنووسی ئەویش وەك سیمای لێ نەیەت، چونکە دوای کردنەوەی دۆسیە لەبارەی کوشتنی سیماوە دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاریدا بەئامادەبوونی بێستون لەبەردەم دادگا بەپێی ماددەی ٤٠٦ بەتۆمەتی کوشتنی سیما، بەڵام بێستون خۆی لەدادگە ون دەکات و واز لەژیانی ئاسایی خۆی دەهێنێ، تا لەئێوارەیەکی ئەم پایزەدا لەیەکێك لەگەڕەکەکانی هەولێر بێستونیش دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوولەو ئەویش دەکوژرێ، ئێستاش گومانی ئەوە دەکرێ دوای سیما کەس و کارەکەی بێستونیشیان کوشت بێ.



# تاچەند دامودەزگاکان ژینگەیەکی

**لەڕۆژانی ڕابردوودا لەتۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوکی گوڵان ڕاپرسییەکمان ئەنجامداو تێیدا ئەم پرسیارە خرایەڕوو: ئایا دیاردەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لەناو دامودەزگا حکوومییەکان زیاترە، یان لە ناو حزبییەکان؟ لەئەنجامدا لە کۆی هەزار بەشداربوو لە سەرجەم چین و توێژەکان لە وەڵامی ئەو ئەو ڕاپرسییە ٧١٪ حزبییەکان و ٠٥٪ حکوومییەکان و ٢٤.٪یش هەردووکیان دەستنیشان کردبوو. گوڵان بەپێویستی**

### لە دامودەزگاکان و خێزانیشدا توندوتیژی دژی ئافرەتان هەیە

بەناز کوێستانی، شاعیر و ڕۆژنامەنووس لەوبارەیەوە رایوایە کۆمەڵگە ناڕاستەوخۆ لە هەر جۆرە توندوتیژییەکی خێزانی بەرپرسەو دەڵێت :حزبەکانیش بەشێکن لەو کۆمەڵگەیە کە بەردەوام پێشێلکاری مافی ژنان دەکەن. جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لەزۆربەی شوێنەکاندا وەك (خێزان، شوێنە گشتییەکان، دامودەزگاکانی حکومەت و حزب و...هتد) توندوتیژی ئەنجام دەدرێت، زیاتریش بەرامبەر رەگەزی مێینە بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتیش لەکۆمەڵگەیەکدا کە توندوتیژی رەگی تێدا داکوتیوە، ئەمە پێویستی بەکارکردنی جددی و هیلاك بوونێکی زۆر هەیە تاوەکو بتوانین ئەو رەگە بەهێزە لە ریشەوە هەڵبکێشێن و کۆمەڵگەیەکی تەندروست بنیات بنێین. گوتیشی: کۆمەڵگە بە ڕاو بۆچوون و کەلتوور و دابونەریت و لۆژیکەکانییەوە تاکی وا پەروەردە کردووە کە هەست بە لێپرسراوی نەکات لەو توندوتیژییەی بەرامبەر رەگەزی مێینە ئەنجامی دەدات، ئەمە لە ناو حزب و حکومەت و خێزانیش بوونی هەیە، کۆمەڵگەی ئێمە لە هەموو حاڵەتەکاندا هەر ژن بەتاوانباری یەکەم دەزانێت، ئەگەر زوڵمیشی لێکرابێت، ئەمەش تێڕوانینێکی هەڵەیە و پێویستە کۆمەڵگە تاکەکانی وا گۆش بکرێن کە راست و هەڵەو زۆردار و زوڵم لێکراو لە یەکتر جیا بکەنەوە». ئەو کەسانەشی کە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت بەکار دەهێنن، بە کەسانی خاوەن «کەسایەتیی لاواز و دەروون نەخۆش» هەژمار کرد، کە زۆر جار هەست بە کەمی خۆیان دەکەن، بۆیە ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە ئەنجام دەدەن.

دواتر سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گوڵاندا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەناو خێزان و حزب و حکومەتیش دەبێت ئەو بوارە هەبێت کە بیرورا بگۆڕنەوەو لەیەکتر بگەن، ئەگەر دەرفەتی ئاڵوگۆڕی بیرورا نەما، ئەو کات توندوتیژی دروست دەبێت. واتە داخستنی دەرگای لێکتێگەیشتن هۆکاری سەرەکیی توندوتیژییە. سەبارەت بە تەوەری ئەم ڕاپۆرتەش دەڵێت «بێگومان تایبەتمەندیی ئۆرگانی حکوومی و حزبی جیاوازە، پەیوەندی نێوان حزبییەکانیش جیاوازە لەگەڵ پەیوەندی کارکردن لەناو حکومەت، بۆ نموونە حکومەت فراوانترە و یاسای زۆری هەیە، گەرچی حزبیش دیسپیلن و پەیڕەو پڕۆگرامی خۆی هەیە، واتا کارەکان دیاری کراون و هەر کەسەو سنوورێك بۆ کارەکانی دانراوە، بەجۆرێك کەس ناتوانێت لەکاری خۆی زیاتر بکات، بۆ نموونە لە حزب ئەگەر کەسێك توندوتیژی بەرامبەر کرا، دەتوانێت سەرووی خۆی ئاگادار بکاتەوە، بەڵام لەحکومەت دەسەڵاتی دادوەری و دادگا هەیە، بەڵام لەحزب دادگا نییە. بەگشتی توندوتیژی لەناو هەموو حزبەکاندا هەیە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هەندێك لەو پیاوانەی پلەی حزبی یان حکوومییان هەیە، توندوتیژی بەکار دەهێنن، ئەوانە ناتوانن سەیری کارامەیی و تواناکانی ئافرەت بکەن و تەنیا لەجەمسەری مێینەوە تەماشای دەکەن، بۆیە پێویستە کار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان بکرێت. زۆر جێگەی شەرمیشە کە ئافرەتێك توندوتیژی قبووڵ بکات».

### پێویستە هەموو جۆرە توندوتیژیەك ڕووبەرووی سزا بێتەوە

نارین عەبدولقادر چالاکوانی بواری مافی ئافرەتان و بەرپرسی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت



# ساخڵەمن بۆ کارکردنی ئافرەتان؟

**زانی بەدواداچوونی مەیدانی بۆ ئەو رایە بکات.**
**بەپێی ئەو راپرسییە بێت، هێشتا زۆرینەی هاووڵاتیان رایانوایە حزبەکان نەبوونەتە ژینگەیەکی ساغڵەم بۆ ئەوەی ئافرەتان تێیدا هەموو مافەکانیان دەستەبەر بکرێت، بۆیە لە ناو حزبدا ئافرەت زیاتر لە ناو دامودەزگەی حکوومی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە.**

بە هەمان پرس دەڵێت «هەموو هەڵسوکەوتێك کە جیاکاری ڕەگەزی و هەڕەشەلێکردن و سووکایەتی پێکردنی پێوە دیاربێت، توندوتیژییە جا ئەگەر ئەو توندوتیژییە جەستەیی، دەروونی یان کۆمەڵایەتی بێت، هەروەها چ لە ناو خێزان و چ لەناو حزب و دامودەزگەی حکوومی بکرێت، پێویستە ڕووبەڕووی سزا ببێتەوە».

بەبڕوای نارین بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لەناو دەزگا حزبییەکاندا زۆر کەمە، چونکە «زۆربەی حزبەکان ڕێگەخۆشکەرن بۆ کارکردنی ئافرەت و هەوڵی پێگەیاندنیان دەدەن»، گوتیشی «بێگومان ئافرەتان لەناو کەرتی تایبەتدا رووبەڕووی زۆرترین ڕێژەی توندوتیژی دەبنەوە، چونکە هیچ جۆرە ماف و دەستەبەرێکی کۆمەڵایەتییان نییە، هەروەها لەکەرتی گشتی واتا فەرمانگە حکوومییەکان ئافرەتان بەبەراود بەکەرتی تایبەت کەمتر ڕووبەرووی توندوتیژی دەبنەوە، ئەوەشمان لەیادنەچێت، لەناو حکومەتیش توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەتان هەیە، چونکە توندوتیژی هەر تەشقەڵەپێکردن نییە، بەڵکو هەراسانکردن و ڕێگەلێگرتن و بێبەشکردن لەمافەکان ئەوانە هەمووی توندوتیژین، لە کەرتی گشتیشدا ئافرەتان ئەو کێشەیەیان هەیە، وەك ڕێگەگرتن لەپێشکەوتنیان و بێبەشکردن لەمافەکانیان، بەڵام من خۆم وەك ئافرەتێك ماوەیەکی زۆر دوورودرێژە لەناو دەزگە حزبییەکاندا کاردەکەم، هەست بەوەدەکەم کەئافرەت لەناو حزب ڕووبەڕووی توندوتیژی نابێتەوە، بەڵکو هاوکاری دەکرێت و هانی دەدرێت، دیارترین نموونەش سیستەمی کۆتایە کە لەناو کۆنفرانسەکانی حزبدا بۆ پێشکەوتنی ئافرەتان پەیرەو کراوە».

**کۆمەڵگەی ئێمە کەلتوری توندوتیژی تێدایە**

توێژەری دەروونی هانا عوسمان پێیوایە هەموو ئافرەتان رووبەڕووی توندوتیژی دەبینەوە جا ئافرەتی فەرمانبەر یان کادیری حزبی یان ئافرەتی ماڵ بن، چونکە «لە کۆمەڵگەی ئێمەدا توندوتیژی بەرامبەر بەهەموو تاکەکان

> **کۆمەڵگە ناڕاستەوخۆ لە هەر جۆرە توندوتیژییەکی خێزانی بەرپرسە**

دەکرێت، تەنانەت ڕەگەزی نێرینەش بێبەش نەبوونە لەڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی، ئافرەت یان پیاو هەموویان بە ڕێژەی جیاواز و بەشێوەیەك ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، بەبڕوای من کۆمەڵگەی ئێمە وەك دارستانێکی چڕ وەهایە، ئەوەی بەهێزبێت، کەمتر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە، بۆنموونە ئافرەتێك کە بەڕێوەبەری فەرمانگەیەکە، یان ئەندام پەرلەمانە، یان وەزیرە، یان پەرپرسی دەزگایەکی حزبییە، یان هەر پلەیەکی سیاسی و ئیداری هەبێت، کەس ناتوانێت توندوتیژی بەرامبەری بکات، تەنانەت ئەگەر کچ یان ژنی بەرپرسێکی حزبی یان ئیداری بێت، ئەوا مافی پارێزراوەو کەس ناتوانێت توندوتیژی بەرامبەری ئەنجام بدات، بەڵام ئەگەر ئافرەتێك فەرمانبەرێکی ئاسایی بێت و هیچ پشت وپەنایەکی نەبێت، چ لە حزب بێت، یان حکومەت، یان دەزگایەکی ڕاگەیاندن، یان کۆمپانیەکی کەرتی تایبەت، ئەگەری بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەری زیاترە، نەك لەبەر ئەوەی ئافرەتە، بەڵکو

> **حزبەکانیش بەشێکن لەو کۆمەڵگەیە کە بەردەوام مافی ژنان پێشێل دەکەن**

لەبەر ئەوەی هێزێکی نییە بەرگری لەخۆی بکات و هیچ شتێکی نییە بتوانێت خۆی پێ بپارێزێت. هانا گوتیشی : یاسایەك نییە بەرگری لەمرۆڤە بێدەسەڵاتەکان بکات، یاسا تەنیا بەرگری لەمرۆڤە باڵادەست و خاوەن تواناکان دەکات، واتا گرفتەکە نەبوونی یاسایەکی تۆکمەو بەرقەرانەبوونی یاسایەکی چەسپێنراوە لەنێو کۆمەڵگەدا، بۆیە بەداخەوە دەبینین توندوتیژی لای ئێمە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی وەرگرتووەو بۆتە عورفێك کە هەموو تاکەکان دەگرێتەوە.

**ئەنجامدانی راپرسییەك لە فەیسبووکدا نابێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ هیچ توێژینەوە و راپۆرتێك**

سروە نووری وەك رۆژنامەنووسێکی چالاك، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەنجامدانی راپرسییەك لەناو فەیسبووکدا بۆ هیچ توێژینەوەیەك و راپۆرتێك نابێتە سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو، هاوکات دەڵێت : بێگومان بابەتەکەی ئێوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە

> **هەر هەڵسوکەوتێک کە جیاکاری ڕەگەزی بکات و توندوتیژی جەستەیی، دەروونی یان کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە پێویستە ڕووبەڕووی سزا ببێتەوە**

کە لەڕاپرسییەکەی ناو فەیسبووکدا ئاماژە بەوە دراوە کە ئافرەتانی ناو دەزگەحزبییەکان زیاتر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، بەڵام فەیسبووك نابێتە سەرچاوە، چونکە کەسێك دەتوانێت هەزار دەنگ بدات، ئەگەر بتانەوێت ڕاپرسییەکی دروستتان دەستبکەوێت، پێویستە ڕاپرسییەك لەناو ئافرەتانی دەزگەحزبی و حکوومییەکان بکەن بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامێکی ڕاستەقینە.

سروە نووری رایوایە بابەتی کێشەی ئافرەتان و توندوتیژی کردن بەرامبەریان، لەناو دەزگا حکوومییەکاندا زۆر زیاترە لە دەزگا حزبییەکان و دەڵێت:ئەوەندەی ئافرەتان لەناو دەزگەحکوومییەکان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، ئەوەندە لە دەزگا حزبییەکان تووشی نابن، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئافرەتانی نێو دەزگەحزبیەکان نوخبەی کۆمەڵگەن و کەسانی وریاو چاوکراوەن، خاوەنی ئاستێکی باشن لە هۆشیاری و شارەزای مافەکانیانن، ئەگەر ڕووبەڕووی توندوتیژی ببنەوە، لەلای سەرووی خۆیان سکاڵا دەکەن، بەڵام ئافرەتانی نێو دەزگە حکوومییەکان چینی گشتی کۆمەڵگەن و زۆربەیان هیچ شارەزاییەکیان سەبارەت بەمافەکانیان نییە، ئەگەر ڕووبەڕووی توندوتیژیش ببنەوە، بەئاسایی وەری دەگرن و هیچ سکاڵایەك ناکەن، چونکە زۆربەی ئافرەتانی کۆمەڵگەی ئێمە پێیانوایە ئەگەر ڕووبەڕووی توندوتیژی ببنەوەو باسی بکەن، ئەوا شتێکی عەیبیان کردووە، لەبەر ئەوە کەس نازانێت کە ئافرەتانی ناو دەزگا حکوومییەکان تا چەند ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، چونکە هەمیشە شتەکانیان بە شاراوەیی دەمێنێتەوە. ئەمە هۆکارەکەیە کە بابەتەکە روون دەکاتەوە، ئافرەتانی ناو دامودەزگەکانی حکومەت شەرمنترن لەئافرەتانی ناو دەزگا حزبییەکان».